سەرۆک بەهائەدین بە جاری هەشتەمین وەک ئەمینداری یەکگرتووی ئیسلامی هەبژێردرا



وتەبێژی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند: "مامۆستا سەرۆک بەهائەدین زێرینی دەنگەکانی کۆنگرەی بەدەستهێناوە و بە ئەمینداری گشتی هەبژێردرایەوە"، ئەمەش لەکاتێکدا تاوەکو کۆتایی هەبژاردنەکە سەرۆک بەهائەدین هیچ ڕکابەرێکی نەبووە بە پێستی سەرکایەتی یەکگرتوو.

هەروەها شایەنی باسە، یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان بە هەبژاردنەوەی سەرۆک بەهائەدین پێیەوی ناوخۆی حیزبەکەی گۆڕا و هەموارکردەوە، چونکە بەپێی پێیەوی پێشوو، ئەمینداری گشتی دەیتوانی تەنیا دوو خول ئەمیندار بێت، بەڵام سەرۆک بەهائەدین 8 خول ئەمیندار بووە.

ئاوێش لەکاتێکدایە شەش کادیری پێشکەوتووی یەکگرتووی ئیسلامی لە نوانیاندا ئەبوبەکر کاروانی و ئەبوبەکر هەدەنی لە ڕیزەکانی یەکگرتوو دوورخرانەوە و نیانتوانی بەشداری لە کۆنگرەکەدا بکەن.

بەیانی دوێنێ هەینی، کارەکانی کۆنگرەی نێیەمی یەکگرتووی ئیسلامی لە شاری هەولێر دەستپێکرد. لەمبارەیەوە سەرۆک بەهائەدین، ئەمینداری گشتیی یەکگرتوو، لە وتاری کردنەوەی کۆنگرەکەدا باسی هێندەک کێشە و گرفت لە هەرێمی کوردستان و ناوچەکە کرد و ڕایگەیاند: "مەسەلەی مووچە یەکێک بوو لە

گرفتە بەردەوامەکانی ئەم پێنج ساڵەی رابردوو، ئەمە لەمە بەدەنگ نەبووین".

ئەمیندارێ گشتی یەکگرتووی ئیسلامی دەڵێت: بەداخەوە ئەم خولەی پێستی ئەمیندارێتی یەکگرتوو پێنج ساڵ بوو، نەمانتوانی لە ساڵی 2023 کۆنگرە ببەستین "ساڵکمان بەپێی پێیەوی ناوخۆ درێژکردەوە".

لێبارەی هەوخانی ژەمی بەشار ئەسەد لە سووریا و گرتنە دەسەات لەلایەن چەکدارە تونددەوکانی ئێپێزسیەنی سووریا نزیک لە تورکیا، سەرۆکدین بەهائەدین گوتوویەتی: چواردە ساڵە گەلانی سووریا کێشش و خەبات دەکەن، بە بەرهەمبوو، بەڵام دیارە لەم وێستگەیە بەخەر گەیا، دەماندوەت لە دیمەشقەوە بۆ دەستور، چارەسەر بۆ حاڵەتی نەتەوەیی کورد دیاریبکرێت.